## نامە نامۆكانمان

## بۆئایندە!

كەیهان عەزیز
kayhanaziz@maktoob.com

### ئێمە قووربانی بارودۆخێكی گەورەتر لەخۆمان بووین

ئاشنا بوونم بە پەرتووكەفەلسەفیەكان وئەدەبیاتی جیهان(بەتایبەت روس وفارس),دەستپێك و زەنگی نامۆبوونم بەكۆمەڵگا گۆترەییەكەمان بوو! . ڕۆچوونە نێوپەرتووكەكان چەندقووڵ بایە,نامۆبوون وبێگانەیی منیش قووڵترو فاسیلەی منیش لەكۆمەڵگا و ستراكتورومینتالیتایەكەی بەرینتر! دەبوو.

پێناسەكان

نازانم قەیرانی خاڵی بوون و هەستكردن بەكەمبوودی فەلسەفی –فەرهەنگی ,یان پێویستی خۆیی وبابەتیەكانی پریۆدێكی سیاسی كۆمەڵایەتی ئابووری بوون وایان لێكردم , تامەزرۆی خوێندنەوە بم . هەركامیان بن, بەزنجیری خوێندنەوەونووسین بەسترامەوەولەوساتەوەش گرفتاری وپەرێشانیەكانیشم چەندهیندەبوون .. تا ژمارەی پێناسەخوێندراوەكان لام زیاتر دەبوون,دەردەكانی منیش زیاتر.. تا ووتارەفەلسەفیەكان وپێناسەكانی بۆم ڕۆشنترودیاریكراوتردەبوون, بێپێناسەیی وگۆترەیی كۆمەڵگاكەمانیشم لا ڕۆشنتردەبوو! . من گوومانم لە خەونی سەوزی ناوپەرتووك وپێناسەكان نەبوو,وەلێ ڕۆژگاروكۆمەڵگای كوردەواری تادەهات گوومانی ئاڵوگۆڕێكی ڕاستین(نەك توێكڵ)ی لەدیدما دەكردنە سەراب! . گوایە ئەونووسینانە ڕەچەتەیەكی هەڵن وبەهەڵەش بۆ ئادرەسی كۆمەڵگاكەمان هاتوون یان نێردراون! .یاخود گوویا,ئەو پێناسە دیاریكراوانە بۆ زەمینەیەك(واقیعێك)ی دیاریكراو نووسراون وجیهانی ئێمەیش بەشێك نیە لەوجیهانەمودێرنەو لەكامپی سەدەكانی نێوەڕاستدا قەراری گرتووە ! ..یان گوایە ئەوپەرتووكانەو پێناسەوپەیامەكانی,بۆ زەمینەو زەمانەیەكی تر ,كەدەركی بكرێت نووسراون.شوناسنامەن بۆكۆمەڵگایەك كەتیایدا جێگایەكیان بۆ دانابێت,بۆ لۆژیكێكی مودێرن وئازادیخواز كەبەرێوەبەری بێت.دەردەكەی ئێمە لەوەدایە لەكۆمەڵگای كوردەواریدا ,پێناسەو سیاسەت,كلتووروفەلسەفەورەفتاروگفتاری تاك وكۆكان هەموویان وەك سەوزەمەیدانی سنەو شێخەڵاودارەتووو ژێرپەردەكەی سلێمانی گۆترەییانەیە وتەنها لۆژیك نەبێت, هەمووشتێكمان لا لۆژیكە! . نازانم تۆیش لەبیرتە كەبەخوێنەوەی چەندپەرتوكێكی تئوری– فەلسەفی گەلاڵەبوونی چەند بنەماوپێناسەیەك, زۆرجاران دەمانوویست واقیع وزەمینەیەكی شێواونەخۆشی وابگۆڕین كەبۆخۆی بچووكترین ئامادەیی بۆ گۆڕان نەبوو! , ئەم كارەی ئێمە ئاسنی سارد كووتان نەبوو! ,وەلێ ئاستی خۆمانی لێدەرچێت كەتوانیمان لەتەڵەی كلتووروستراكتورومینتالیتایتی شێواوی كۆمەڵگاكەمانی ڕزگاربكەین, نەمانتوانی خەونی بەدیهێنانی كۆمەڵگایەكی پلورالیست وئازاد بكەینە واقیع ! . كێشەوگرفتەكەش لەئێمەدا نەبوو,لەوكەلاوەوئاشفتەبازاڕەدا بوو كەوەك ووتم شوێنی هەموو چرەندیات وپۆخڵەواتێكی تیا دەبۆوە,تەنها لۆژیكی ئازادیخوازی نەبێت .

قەیرانی ئەندێشە وبیر

داستانی دەردو كێشەی قووربانیبوونی ئێمە, لەساتەوەختی خوێندنەوەوفەلسەفیەكانەوە دەستی پێكرد. ڕەهەندی ئەمكارەوئاستی ئاگاهیمان . ئێمەی لەوكۆمەڵگایە تەریك كردەوەوتادەهات, نامۆیی وبێگانەبوونمان لەنێو زادگاوئەوكەلاوەیەی كەلەسروودە نیشتمانیەكاندا بەبەهەشت نێوزەد دەكرا زیاتر دەبوو.هەنگاووهاواروهەڵوێستەكانمان تەنانەت مەرسیەوئاه وحەسرەتەكانیشمان بۆخۆمان نەبوون و بۆگۆڕینی ئەو واقیعە تاڵ وبۆگەن وساختەیە بوو,كەپێشتر وەك سەركردایەتی پارتەكانمان بە میراتی بۆمان مابوونەوە. خوێندنەوە فەلسەفیەكان ڕەهەندوئاستێكی ئاگاهی دیكەی پێبەخشین وهەڵەی كوشندەی ئێمەش, وامانەزانی خەڵكانێكیش كەم تازۆر هاوتاوهاوئاهەنگی ئێمە خەریكی خوێندنەوەو ئاڵوگۆڕن! .نەمانزانی ئەو ڕێنیسانسەی كەئێمە لەخۆماندا بەرپامان كرد,دەوروبەرەكەمان نەك ئامادەی ئەنجامدانی نەبوون,بگرە دەركیان نەدەكردو ڕێك دژی دەوەستانەوە,یان پێچەوانەی فەلسەفەوبیری ئێمەیان بەلۆژیك دەزانی,و ئاستی ئاگاهیان لە فەلسەفەی

مەسینە(ئافتابە) وهونەری تارات تیروروخۆتەقاندنەوە
ویشەپشەی ڕەنگینم نەیتوانی تیپەڕیکات .ئەمەگەر
قەیرانی پێناسەوفکرولۆژیك نەبێت چی دەتوانین
نێوزەدکەین .لەوانەیە وەلآمێکی
ئامادەولۆژیکانەبدرێمەوە لەچەشنی (هێزەفوندەمانتالە
ئیسلامی وفئودالّەشرەخۆرەکان ومافیاسیاسیەکانی
کۆمەلّگا ناهێلّن خەلّکی بووار بدەن) وەلیّ خەلّك
,لەودەستەجاتانە گەورەترن وگرفتیش لەدەرك
وبێدارنەبوونی خەلّکە بۆ ڕەهابوون . ڕەهابوون
لەتلیاکی مەزهەب ,لەکلتووروپاشماوەی سەدەکانی
نێوەڕاست.ئەمەش پروسیسێکی
درێژخایەنە,وبەدرووشم وبروخیّ بروخیّ ومەحکومی
دەکەین وچەند ووتارونامیلکەوسیمینارێك بە سەر
ئەنجام ناگات .

مارکسی نەخوێندەوار!

چەپی کوردستانیش نەك نەیتوانی پلاتفۆرم وتاکتیك
وستراتیژی ریالیستانەی خۆی هەبێت ,بگرە قەیرانی
چەپ لەجیهانداوسیاسەتی یاریکەرەنێوخۆیەکان ,وای
لەم چەپە دەمگەرم وهەلّچووەکرد,کەرێك ئاشبەتالّ
لێبکات ! .ئەم بزووتنەوەیەکەبەووتاری فەلسەفی
ومیتۆدیەوە دەنازی,لەبەرانبەر ئالۆگۆڕەسیاسی
وکۆمەلآیەتی وئابووریەکان ، یان لەهەمووی
گرنگترلەبەرانبەری پانئیسلامیزمدا,سیاسەتێکی
کۆنکرێتی وای نەبوو کەبتوانێت لەمپەرێکی جدی تئوری
وپراکتیك بێت لەئاست ئالۆگۆڕەکاندا. ئەم چەپە
تازەترین قەیرانێك کەدووچاری بوو, جەنگی ڕووخانی
سەدام بوو.دیسانەوە وەك تووتی خەریکی
مەحکوومکردن بوون . من پێم وایە ئامریکا
بەشێوازێکی دیکە دەیتوانی ڕژێمی دڕندەی سەددام
لەنێوببات ,وەلیّ گەرئامریکاش نەبوایەسەدام
نەدەڕووخا, و بەئاسانی پاش مردنی سەدام شاهیدی
دەسەلآتی یەکێك لەکورەکانی دەبووین ، واتە سەددام
ڕووخان کاری هەرکەس وگرووپێکی لەچەشنی ئەمانەی
لای خۆمان نەبوون.ئەمە ڕاستیەکەوناکرێت لەئاستیدا
هەلّوێستەیەك نەکەین. من نازانم بۆچی بیری کارل
مارکس لای ئێمە هێندەبچووککراوەتەوە لەتەوەرەی —
بروخیّ ومەحکووم ودەبێت دەبێت وشیرەشیر—
تێپەڕناکات ! ئایامارکس هێندە دەبەنگ
ونەخوێندەواربوو؟! یان ئەوەدەردەکۆپانی موریدە
ساختەوقولابیەکانی کوردستانین ؟! .گەرئامریکا نەبایە
بزووتنەوەی عەزیمی دەمەقاچان وبزووتنەوەی
فولکلۆری کورد و ئوپوزیسیونیش دەیانتوانی
بەکەرەستەوفشەی حیزبایەتی ڕژێمی بەعس
بروخێنرێت ؟!.. من کەگەیشتمە ئەوروپا,پاش
ماوەیەك خوێندنەوەوتێکەلّبوون وشارەزایی
ستراکتورومینتالیتایتی خەلّك وئورگانەکانی,ئیدی بروام
بەحیزبحیزبێنەو بژی وبروخیّ نەما ! ,چونکە مافیای
سیاسی بەچەپ وراست ومەزهەبی
ونامەزهەبیەوەکارێکی وایان کرد,کەئیدی مەگەر مرۆڤ
پێستی دەمووچاووی لەقایش بێت ,ئەوجابتوانێت
حیزب حیزبێنە یان سیاسەت بکات ! . ئێستا ئیدی
هەمووحیزبەکانی لەمەڕخۆمان بەچەپ وراست
وناسیونالیست ومەزهەبی ولائیکەوە لەدوکانێکی
سیاسی زیاتر نین بەلامەوە. یەکێکیان بازاڕەکەی
بەکوردستان یانەمان ودوێ دادەڕژاوئەویدیکەیان
بەپشەپشەی ڕەنگینم ,لەولاوە یەکێکی دی دووکانێکی
الله اکبر وتاراتی سیاسی کردوتەوە,لەمبەریشەوە
چەپێکی ساختەو دەمهەراش ودەبەنگ,دوکانی قیق
فیق من فیق توفیق ,بروخیّ ، خەفەقان ، واقعەن و
دەقیقەن ، بوحران ودەبێت دەبێتیان کردوتەوەو
نەگبەتیەکەش لەوەدایەبەشێکی ئەم دووکانەسیاسیانە
دەزانن پوشبرنجن ، وەلیّ ئەوانە گەرسیاسەت نەکەن
ئەدی چی بکەن وکیّ قوونیان پێدەسرێت ، بۆیە
بەردەوامن لەلگاوکردنیان. دیارە ئەوکەسەی ڕێزی
خۆی لابێت تا ئەمە بێلّدی گۆڕیانەکۆمەلآیەتی—
سیاسیەکەبێت , بڕواناکەم توخنی حیزب
حیزبێنەبکەوێت وئابروو مرۆڤبوونی خۆی لەگرەوی ئەم
لگاوچیانەدا قەراربدا.
پاشقولی سیاسی وپوخلّەواتی حیزبایەتی بەجۆرێك
ئازاریان نەدەداووم تابڕا لەحیزب حیزبێنە بکەمەوەو
لەوانەیەحیزبێیکیش خۆم دامەزرێنەری بم لەو
دوکانەسیاسیانەی سەرەوە چاکترنەبێت !.

- کوورتەی دیالۆکێکی نێوان نووسەری ئەم چەند
دێرەوتاهیرسالّح شەریف,ك.چروستانی,بێستوون بابانە.

8-09-2003